REWAN U
ڕێوان

رۆژنامەیەكی روناكبیری سەربەخۆیە
سەنتەری ڕاگەیاندنو روناكبیری ژنان دوو هەفتە جارێ دەریدەكات

١ی ئەیلولی ٢٠٠٦ | ژمارە (١٣٢) ساڵی شەشەم | نرخی (٢٥٠) دینارە

An Independent Cultural Newspaper Published Twice a month by Women's Media and Education Center

خۆکوژی حاڵـەتێکی چەند لایەنەیە، لەیـەک کاتـدا تراژییدیـە بـۆ کەسـی خۆکـوژ، ئامـاژەو هەڵسەنگاندیشە بۆ جۆرە مرۆڤی لـەو چەشـنە، وە لـە هـەمان كاتیشدا ئاماژەیەکە دێت و تـەواوی کۆمەڵگا دەخاتە ژێر پرسیارێکی ئەخلاقی گەورەوە. ل٦

لەسەرکەبکان

# ژنێک دەکوژرێت و پۆلیس بەدواداچونی بۆ ناکات

لەئۆفیسی رانیەوە: لەم مانگەدا (نازەنین) لەگوندەكەی خۆیان كوژراو تەرمەكەی فڕێدراوە بنكەی پۆلیسیش لێكۆڵینەوەو بەدواداچوونی نەكردووە.

لەماوەی ئەم مانگەدا لەگوندی دۆڵە رەقەی سەر بە ناحیەی سەركەبكان، ژنێك بەناوی نازەنین كە خاوەنی دو منداڵە دەكوژرێو تەرمەكەشی فڕێ دەدرێتو لەلایەن دو كەسی گوندەكەوە دەنێژرێت.

پەیامنێری (رێوان) لەسەردانێكیدا بۆ گوندەكە دەڵێت "كە چومە گوندەكەو پرسیارم كرد كەسوكاری مێردەكەی نازەنین لەژێر خێمەیەكدا دانیشتبونو بەدەم قاقای پێكەنینەوە وتیان ئەو هەمو خەڵكە دەكوژرێن بۆ هەر پرسیاری ئەو دەكەن".

عومەری حاجی برایم ریش سپی گوندەكە دەڵێت "ئەگەر ئاگادار بام نەمدەهێشت بكوژرێت، ئەو ژنە هەر كەموكورتیەكی هەبوبێت ماڵی باوكی بۆیان هەبو بیكوژن، مێردەكەی هەر دەیتوانی تەڵاقی بدات"

بەپێی راپۆرتەكەی پەیامنێرمان نازەنین حەوتەم ژنە دەكوژرێت لەو گوندەو بەڕێوەبەری بنكەی پۆلیسی سەركەپكانیش دەڵێت "راستە ئەو ژنە كوژراوە، بەڵام تا ئێستا كەسێك مودەعی نەبووە بەسەر مەسەلەكەو ئێمەش بەبێ بڕیاری دادوەر ناتوانین هیچ گرتنو لێكۆڵینەوەیەك ئەنجام بدەین" ئەم لێدوانەی بەڕێوەبەری پۆلیسی سەركەبكان ناتەبایە لەگەڵ لێدوانێكی پێشتری لیوا رزگاری بەڕێوەبەری گشتی پۆلیسی سلێمانی كە دەڵێت "دەبێت بنكەكانی پۆلیس بەدواداچونو لێكۆڵینەوەی تەواو لەسەر هەواڵی كوشتنی هەر ژنێك بكەن بەدەر لەوەی مودەعی هەبێت یان نا".

# فەریدە زۆراب "چاوەڕێی دادگاییکردنی ئەو موستەشارو جاشانەم کە بنەماڵەکەمیان ئەنفال کرد"



هەر خۆم لەنوگرە سەلمان گەڕاومەتەوە، مێردەكەمو سێ كوڕم ئەنفال كراوە، یەك كچم ماوە، ئێواران دەڵێم بەڵكو عیساو لوقمان لەدەرگا بدەنو بێنەوە، كە شەویش دێت دەڵێم، ئێستا دێنەوە. من بڕوا ناكەم كوڕەكانم مردبنو هەر لەبەر چاومن، جاشو موستەشاریش وەك سەدام تاوانبارن، لێیان خۆش نابم. ئێمە كە هەموومان كۆكراینەوەو براین جاشو موستەشار كۆیكردینەوەو خستمانیانە ناو زیلو ماڵمان بۆ ئەوان بوو و سەریشیان داینە دەست جەیشەكەی بەعس. چاوەڕێی دادگاییكردنی ئەوانیشم.

**لەلاپەڕە (٤) دا بابەتێک لەو بارەیەوە دەخوێنیتەوە.**

# خولێک بۆ هەنگاونان بەرەو دیموکراسی

رێكخراوی NDIوۆرك شۆپێكی سێ رۆژی بۆ ستافی رۆژنامە حزبیو سەربەخۆكان كردەوە، بەمەبەستی زانینی رادەی رەچاوكردنی بنەماكانی دیموكراسیەت لەرۆژنامەكاندا بەگشتی.

لەرۆژانی ٢٨، ٢٩،٣٠ی مانگی هەشت رێكخراوی NDI خولێكی مەشقی لەژێر ناونیشانی (هەنگاو نان بەرەو دیموكراسی) بۆ چەند ستافێكی رۆژنامە حزبیو سەربەخۆمان كردەوە.

بەشداربویەكی خولەكە وتی "ئەو مەشقە زیاتر بۆ راهێنانی راگەیاندنەكان لەسەر بنەماكانی دیموكراسیو سازدانی هەڵسەنگاندنێك لەنێوان رۆژنامە حزبیو سەربەخۆكانداو زانینی رادەی رەچاوكردنی بنەماكانی دیموكراسییەت بو.

وۆرک شۆپەكە لە هۆڵی كۆبونەوەكانی سلێمانی پالاس لەسلێمانی بەڕێوەچوو.

# ماددەی ١٤٠ دەبێتە ستراتیژی بزوتنەوەی ئەمڕۆی ریفراندۆم

هەڵكەوت عەبدوڵا ئەندامی لیژنەی باڵای بزوتنەوەی ریفراندۆم بە (رێوان)ی راگەیاند بۆ كاری ئایندەی بزوتنەوەی ریفراندۆم پێویستە سنوری كوردستان دیاریكراو بێت، " بۆیە دەبێت كاركردن بۆ مادەی ١٤٠ ببێتە ستراتیژی كاركردنمان".

ئەم گوتانەی عەبدوڵا لەمیانەی كۆبونەوەكەی رۆژی ٢٠٠٦/٨/٣١ هات، كە لەسلێمانی سازدرابو، پاش ئەوەی بزوتنەوەی ریفراندۆم كۆنفرانسێكی لەهەولێر بەست، دەرئەنجام دوو لیژنە سەرەكییەكەی ریفراندۆم بڕیار دەدەن بەمەبەستی دیاریكردنی كەموكورتیەكانو دانانی ستراتیژی ئایندە، ئەو كۆبونەوەیە لەسلێمانی ساز بكەن.

عەبدوڵا وردەكاری زیاتر لەمەڕ كۆنفرانسەكەی سلێمانی باس دەكاتو دەڵێت "ئەمڕۆ نوێنەرانی هەردوو لیژنەی كارگێڕیو لیژنەكانی دەرەوە كۆبونەوە، بەمەبەستی هەڵسەنگاندنی قۆناغی پێشوی بزوتنەوەكە، هەروەها بەهێزكردنی پەیوەندییەكان لەسەر ئاستی ناوەو دەرەوە".

سیروان مەحمود وتەبێژی بزوتنەوەی ریفراندۆم لەدەرەوەی وڵات پشتگیری لە قسەكانی عەبدوڵا دەكاتو دەڵێت "دانانی میكانیزمێكی ستراتیژی بۆ خەباتی درێژخایەنی بزوتنەوەكەو نەهێشتنی ئەو سڕبوونەی كە پێشتر بزوتنەوەكەی پێداتێپەڕی، وە بەشداربونمان لە بڕیارە چارەنوسسازەكانداو لەپێناو كاراكردنی ریفراندۆم، هۆكاری سەرەكی گەڕانەوەمان بو لەدەرەوەی وڵات".

لەكۆتایی كۆبونەوەكەدا بڕیار درا كە ماڵپەڕو گۆڤارێكی تایبەت بە بزوتنەوەی ریفراندۆم بەگەڕ بخرێت، هەروەها بەرنامەیەكی تەلەفزیۆنی تایبەت بەبزوتنەوەكە پەخش بكرێت.

### لە تاقیکردنەوەکانی خولی دوەم
# مامۆستایەک لەخوێندکارێک دەدات

پەیامنێرمان لەهەڵەبجەی شەهید رایگەیاند: لەكاتی تاقیكردنەوەكانی خولی دوەمی كۆتایی ساڵ، مامۆستایەك بەقوتوی هەندەسە لە خوێندكارێك بەناوی ش.م دەدات.

پاش ئەوەی رۆژی ٢٠٠٦/٨/٢٣ لەتاقیكردنەوەی وانەی ئینگلیزی، كۆمەڵێك منداڵ لەدەوروبەری ئامادەیی نێرگزی كچان لە هەڵەبجەی شەهید كۆدەبنەوەو دەستیان كردووە بەخوێندنەوەی پرسیارو وەڵامدانەوەی وانەی ئینگلیزی، بەمەش بارودۆخ لەقوتابیانی ناو هۆڵەكە تێكدەدەنو، لەهەمان كاتدا مامۆستا (ب) كە جێگری بەڕێوەبەری هۆڵی تاقیكردنەوەكانە، بۆ ئەوەی خوێندكاران گوێبیستی وەڵامەكانی دەرەوە نەبن هەڵدەستێت بە لەیەكدانی دو قوتوی هەندەسەو تەقە تەقێكی ناشیاو دروست دەكات، ئەم كارە ئارامیو دەرونی خوێندكاران تێكدەدات.

پەیامنێرمان لەدرێژەی راپۆرتەكەیدا ئاماژەی بەوە دا، لەكاتێكدا (ش.م) ی خوێندكار پرسیارێك لەجێگری بەڕێوەبەری هۆڵەكە دەكات، بە وتەی چەند خوێندكارێك دەستبەجێ مامۆستاكە بەقوتوی هەندەسەكە دەكێشێت بەسەری ش.م، دەرئەنجام خوێندكارەكە بەگریانەوە هۆڵەكە بەجێدەهێڵێت.

ئەمە لەكاتێكدا جێگری بەڕێوەبەری هۆڵەكە نكوڵی لەو كارە دەكاتو بە (رێوان)ی راگەیاند "ئەو خوێندكارە بوختانی بۆ كردووم، دەمدرێژی بەرامبەر كردوم" سەرئەنجام كۆمەڵێ خوێندكار پاش كۆتایی تاقیكردنەوە بەدوو پاسی كۆستەر بەرەو بەڕێوەبەرایەتی پەروەردە دەكەونەڕێ، بەناوی ناڕەزاییی نوسراوێك ئاراستەی بەڕێوەبەری پەروەردە دەكەن.

پەیامنێرمان لەبەدواداچونی بۆ هەواڵەكە بەڕێوەبەری هۆڵەكە پێی دەڵێت "هەر باسی لێدانەكەی ئێمە مەكە، باسی ئەو فەوزایەی دەرەوەش بكە".